# دەنووسم یووسف

هێرۆ کوردە

# دەنووسم یووسف

شیعر

## هێرۆ کوردە


- بەرگ: باسم ڕەسام
- چاپ: یەکەم - ٢٠١٣
- چاپخانە: کارۆ
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- نرخ: ٢٠٠٠ دینار

**لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی ١٥٠٨ی پێ دراوە.**



تێکڕای مافەکانی ئەم کتێبە، بۆ نووسەر: پارێزراون.

# دەنووسم یووسف

هێرۆ کوردە

شیعر – ٢٠١٣

گەیشتن
به تۆ
له مردن گەرمتره

له باوەشمدا نییت
باسکەکانم
بەڵام
دەتگوشن

گۆڕ
لەم شارە بەرینترە

باران زەویی شووشتووە
چۆلەکەی ناو دارکاژەکان هەڵدەلەرزن
پشیلەیەک لە بەردەم پەنجەرەکەمدا دەمیاوێنێت
دەبێ بڵێم:
تۆ چی دەکەیت؟

چەند ڕۆژێکە فرووغ دەمبات
مەرگ لێرە
نزیکترە لێرە
لە باخچەکەدا
دەستەکانی دەشوات

نزیکم لێتەوە
کە ناتوانم نزیکترین بم
خەمگینم
نزیکتر کە نیم!

نامەوێ هەمیشە لەگەڵت بم
چەند ساتێکم دەوێ
بێ تۆ
بۆ بیرکردنەوە
لە تۆ

بۆ ئەوەی
شیعرێکی دی
لە گۆشتم بێتە دەر
سەد جاری دیش
لە بەردەمت
جلەکانم
دەخەمە بەردەمت

تاریکیم هەرس کردووە
وا سپێدە چێ دەکەم
دەچمە خەوێکی قووڵەوە

دەمانچەیەک لە تاریکیدا
گەرووی پاک دەکاتەوە

تەرمێک
زەوی پیس دەکات

ئەم منداڵە
ترساوە

ئەم پەنجەرەیە
مردنێکی دی
ئەزموون دەکات

چەتریش

باران کە دەبارێت
ناتوانم تۆم هەبێت

چەتریش    باران کە دەبارێت

هەنگێک دێتە سەر گوڵی بەر پەنجەرەکەم
من
تاڵی دەمبات

دەست درێژ دەکەم
دەستم دەبێتە درێژەی ڕووبارێک
کە تۆ هەی
ڕووبار منم!

بارانەکە وا دەبارێت
گوڵی گوڵەبەڕۆژە
سەری کزی
لە زەویدا
من لە کوێی ئەم شیعرەدام؟

که خۆر بەر شانەکانم دەکەوێت

مانگ لە دڵمدا

باوێشک دەدا

تەپڵەکی جگەرە
لە ژوورەکەمدا و
پیاوێک
سیگار
دەخاتە نێوان لێوەکانییەوە و
پیتەکانی ناوم دەژمێرێت

شتێک وەک مردن
شتێک وەک ژیان
لە دڵم دەچەقێت

گەر بە خەیاڵیش
بە شارەکەمدا تێپەڕی
من بۆنی زەریام بۆ دێت

شەقام و زەریا        ئینجانەکانیش

تۆ هیی منیت

به دەنگی نزم بیر بکەوە
ئینجانەکان
لەم شیعرەدا نووستوون

به شەقامەکاندا شۆڕ دەبمەوە
پۆلێک کۆتر لەسەر سەرم دەگمێنن
دەزانم
پیاوێک خۆشی دەوێم

لە دڵمدا دەگمێنێ و
من نایناسم

وەک ئەوەی بکشێت
دوورمان دەخاتەوە
ژیان

ڕێیەک کە نەیبڕم
دەمسووتێنێت   هەنگاوەکانی

کەس هێندەی من

حەوجەی بە **درۆنووسین** نییە

باڵی هەموو باڵندەکانم برد
نەمتوانی قولانجێک بفڕم
درەنگ زانیم
فڕین    پەیوەندیی نییە    بە باڵەوە

له مردن دەترسم

دەبوو بنووسم:

ژیان

پێم له ژیان بخلیسکێت

خۆم به نائومێدییەوه دەگرم

بیستوسێ جۆر مردن

وەک بۆن

لە بن ملم دەدەم و

ژیان بەجێ دەهێڵم بەناو تۆدا

من ئاوا تۆم قبووڵە
که برینی سەر دڵم      فەرامۆش دەکەی

کە لە ژوورەکەمی
لەسەر جێم و
لەسەر جەستەم
قووڵتر هەست بە تەنیایی دەکەم

تەنافێکی پڕ چۆلەکە
سەرنجمی برد
کە ئاوا بوویت

دەمانچەم لەسەر دڵم ڕاگرتووە
دەستم لەسەر شوێنێکی زەینم:
یەک دوو سێ
کە دەزانم تۆ هەیت؛
ژمارەکان دەگەڕێنەوە:
سێ دوو یەک؛
پەنجەکانم شل دەبنەوە

پیاوەکان
هەمیشە
کارەکانی من تێک دەدەن

سێ پیاوم خۆش دەوێن
شەش پیاو خۆشیان دەوێم
ئێوە جێگۆڕکێ بە ژمارەکان بکەن

من  دڵنیا نیم لە هەستی خۆم

که تۆ هەیت
ڕووتبوونەوەم خۆش دەوێت

# ڕووتبوونەوە

لە دەرەوەی ئەم گۆشەیەی لێی دانیشتووم
یەک یەک
جلەکانی سەرەوە و ژێرەوەم
دادەکەنم
خەیاڵەکانت دەپۆشم؛
ڕووتتر دەبمەوە

لە دەرەوەی ئەم بەرگە ڕوونەوە
وەک درۆ دەبریسکێمەوە
لە پشتی ئەم دوو دێڕەوە
بە ڕووتی دەچمە
دەرەوە
دەرەوەی ماڵ نا
دەرەوەی خۆم

هەر بە ڕووتی
لە تۆڕا
دێمەوە ژوورەوە
ئەز و تۆ
هیچمان بۆ گوتن نییە هەڵاتن نەبێت
هیچمان بۆ پۆشین نییە ڕووتبوونەوە نەبێت

لە پشتی ئەم ڕووتییەوە
وەک ئاو تەڵخ و ڕوونم وەک تەم

تۆ و ئەز
هیچمان بۆ دڵدانەوەی یەکتر نییە

ئەم درۆ ڕووتانە نەبێت

دیسان خۆم ڕووت ڕووت دەکەمەوە
دڵی تەنگی سروشت
بەم ڕووتییە بێلەززەتە دەدەمەوە
ئەو نوێژەی لە عانی ڕووتبوونەوە دامبەست
وەک تاعوون پێمەوە لکاوە
خەریکە دەمپۆشێتەوە

دوای ئەم ڕووتبوونەوەیە
تای هەڵاتن دەمگرێت
دەست بۆ کیلۆنی دەرگەکە دەبەم
ناکرێتەوە
یەک یەک
جلە ژەهراوییەکانم دەپۆشمەوە
تا دەرگەیەک بۆ هەڵاتن و
پەنجەرەیەک
بۆ ڕووتکردنەوەی خەیاڵەکانم
بکەمەوە

بۆنی جگەرەکەت گەیشتە بەر لووتم
وا ڕووت دەبمەوە

لە دەرەوەی ئەم درۆ کچانەیەوە
وەک خۆم درۆزن
وەک تۆ بە جلەکانمەوە دەسووڕێمەوە
وەک دونیا بێلەززەت
وەک خۆم ترسنۆک
بە دەوری خۆمدا دەخولێمەوە

زستان - ٢٠٠٩

# تێپەڕبوون

لە ئاوێنەکەدا
ڕووخساری شکاوی دایکم دەبینم
سووراو دەگرم بە دەستمەوە
بۆنی شت و بۆنی کەس دێت

درزێک منی لە من دابڕیوە

دەستی دایک
دەکەوێتە سەر شانم

بۆنی دەست و
بۆنی من تێکەڵ دەبن
کە شکاوم
لە ئاوێنەدا

سووراو دەکەوێتە سەر زەوی و
لە درزی ئاوێنەدا
دەبمە بیرەوەریی دایکم

# تۆ له مندا

لە کەنار زەریا گەرمەکەدا
وەستام
پاژنەکانم کەنارتیان ماچ کرد
کراسەکەم تا ئەژنۆکانم هەڵکێشا
بە یەک شەپۆل
یەک مرواریيیت هەڵدایە منەوە

دەستێک ڕایەڵ بکە
لە مندا گەشە دەکەیت
دوای کوژانەوەی گڵۆپەکە
دەبین بە سێ

# من نەلای خۆم

"مەهێڵە هیچ پیاوێکی دی پەنجەکانی
لە زەوییەکەمدا ببزوێن."
من وام دەگوت

دەستێکی ساردت
عارەقەی نێوچەوانمی دەسڕی:
"مەترسە، ئەو ڕۆژە قەت نایەت."
وات دەگوت تۆ

ئێستا
پیاوێک
لەگەڵ هەموو هێڵنجێکم
تۆ لە جەستەم دەسڕێتەوە

کاتیش
درەنگە
بۆ ئەم شیعرە

**پیاسە**

بە قورسی دەڕوات
ڕانەکانی پانتر بوونەوە
دوو دڵ لە یەک جەستەدا
کراسەکانی کورت بوونەتەوە
بیر لە ناوێک دەکاتەوە
پێڵاوێکی زۆر گچکە سەرنجی دەبات

بە قورسی دەڕوات
سووک سووک پێدەکەنێت
دەستێک لە زگی دەدات

بێسەر

سەرم لە لەشم جودا دەکەمەوە
ئەم کەللەسەرەپووتە
وەک تۆپێکی فشەڵ
ئەم دەست بۆ ئەو دەستی ڕەوان دەکەم

ئەم کەللەسەرە بە هیچ پڕ بووە
لەسەر زەوی غلۆر دەکەمەوە

بێسەرم ئێستا
سەلارتر بە کۆڵاندا دەڕۆم
باشتر ڕێیەکان دەدۆزمەوە

بێسەر
باشتر بیر لە **سەر** دەکەمەوە

جەستەیەکی سووک وەک سێبەر
لە دووی خۆم کێش دەکەم

کچێک بێنەریت
کچێک بێئایین
بێسەر

باشتر
زۆر باشتر
لەناو خۆمدا
کەنار دەگرم

# شاعیره مەزنەکان

مێژوو ئێمەی نووسییەوە
من و تۆ پێکەنین
بە مێژوو نا
بە خۆمان نا
بەو درۆیانەی لە بارەی ئێمەوە نووسرابوون
تۆ بڵێ: ئا

# شەترەنج

دارپرتەقاڵێک
لەبەر پەنجەرەکەمدا
بڕوێنە
با بیانوویەکم هەبێت بۆ تەماشاکردنی پیاوی
ماڵە دراوسێکانم

کاتێ من بیر لە ژمارە **یەک** دەکەمەوە
کە تەماشای ژمارە **دووە**کان دەکات
پیاوی دراوسێکەمان زوو زوو بە من دەڵێت:
باش گەورە بووە!
نازانم دەڵێت باش گەورە بوویت، یان باش گەورە بووە!

پیاوەکان باش دەزانن چی گەورە بووە، پیاوەکان دەیشارنەوە چی گەورە بووە، پیاوەکان مەبەستیان پرتەقاڵەکانی بەر پەنجەرەکەم نییە، کە دەڵێن باش گەورە بووە
حەزیان لە شتە گەورەکانە بە جەستەی مێشکە بچووکەکانەوە
کە ناتوانن تێ بگەن چی گەورە بووە

ڕێیەک بە مندا دێت
کە من بە ڕێیەکی دیکەدا دەچم و
ڕێم پێ دەگرێت
پاشاکە
دایە!

پاشا بجووڵێنە
هاکا شەمەندەفەرەکە هات
بە ڕابردووی ئەم شارەدا
فارگۆنێک لەو شەمەندەفەرەدا نییە
کەسێکی تێدا بێت
کە شتێکی پێ بێت بۆ من
کەواتە چاوەڕوانیمان
واتایەک دەدات

دایە! لێرە بە، فرمێسکیشمان پێ نەبێت کە
شەمەندەفەرەکە نەهات دەتوانین لە بری گریان بیر
بکەینەوە چی گەورە بووە، لە چاوی پیاوەکاندا
دایە! پاشا ناجووڵێت، بەردێک پیاوێک نیگایەک
هەموو ڕۆژێک ڕێیەک بە من دەگرن
کە ڕەنگە گەر نەیگرن من بۆ جێیەک ببات، ئیدی
هەر جێیەک بێت، گرنگ خوێنی پێیەکانی من
نەمەیێت. دایە! پاشا پاشا...
لە تۆدا هەنگاو نابات دایە!
دەستت لەرزۆک نییە دەستت پیرە دایە!

دایە! پاشا ڕێ بگرێت و نەیجوولێنێت و گۆڕیش
تاریکە و من دەترسم و دەستت کۆنە
کەواتە من چ بکەم کە تۆ پاشا ناجوولێنێت لەسەر
ڕێیەکەم و خوێنی پێم دەبزوێت دایە!
گۆڕیش تاریکتر دەبێت کە من بیر لە تاریکییەکەی
دەکەمەوە لە تاریکیدا
شاعیرێک منی خۆش دەوێ، من ڕێم داوە
شێوەکارێک جەستەم بخوات بەر لەوەی بڵێت
"کەموکوڕییەکانی جەستەت پڕ دەکەمەوە لە
تابلۆیەکدا" و من لە پێکەنیندا ژنەکەی خەبەر
بکەمەوە
کە شاعیرەکەی خۆش دەوێت
ئێواران کە کۆ دەبینەوە
تەنیا من ئاگەداری هەموو شتم
دڵی کەس کەسمان لە جێی خۆی لێ نادات
جەستەی من نەبێت دەتوانیت بە نەرمەجووڵە پیانۆ
لێ بدات

دایە! پاشا ناجووڵێنیت، ڕێ بدە ئەو سەربازە
دارپرتەقاڵێک لە بەردەم پەنجەرەکەمدا بڕوێنێت تا
پرتەقاڵم لە خاکێکی هەڵەدا سیس نەبووە
تۆ دەستت پیر بووە
تا تۆ پاشا دەجووڵێنیت
ڕەنگە هێند درەنگ بێت منیش پیر بم بۆ ئەو ڕێیەی
بە من دێت و ئەو ڕێیەیش کە پێیدا دەچم و
پیاوەکەی دراوسێمان بڵێت:
خراپ سیس بووە، خۆزگە پاشا لەوێ نەدەبوو
کە دایکت دەستی پیر بووبوو

# لەمدیو دەرگە لەودیو دەرگە

هێشتا کە دەستت بە دەرگەوەیە
قۆپچەیەکم دەبزوێت
ئەوانی دیکە لە زەویدان و
دەکرێنەوە
بەرزی و نزمییەکانم

دەرگە دابخە!
لەودیوی ئەم ژوورەوە زەوی گۆیی نییە، لەمدیوی
ئەم دەرگەیەوە کە هێشتا دەسکەکەی لە دەستتدایە
و لەناو دەستەکانت دۆزەخ من     من دۆزەخم

زمانت بە زمانەکانم نەکەوتووە
بێ هیچ پەیڤینێک زەویی بەرز و نزمیم گڕ دراوە
ئاو لە خوار ئەستێرەی تاریکەوە دەڕژێت
زەوی جلەکانم بۆن دەکات
کە من بیر لە دەنگدانەوەی دەنگم دەکەمەوە
لەودیوی دەرگەوی
تۆ دەستت بە دەسکی دەرگەوە و
من هێشتا دەستەکانم لە نزماییمدا دەپەیڤن

دەستت بە دەسکی دەرگەوە بەردە
دوای یەکەم دەنگدانەوەم
قاچەکانت خۆیان بەرەو من دەپەیڤن
لە دوورونزیک لە چواردەوری نزیکتریش
لە ئەستێرە تاریکەکەم
چرا خۆتی

زەویم خڕە وەک ئاسمانم
که دەڕوانیت

لەژێر تۆدا
خنکاوە دەنگدانەوەی دەنگم
لە ناوەڕاستمدا
زەویم تاریکە و شێدار
داغ بووە!
کانییەکەت
دوای چەندەمین دەنگدانەوەم
تەقیوە یان دەتەقێت!

دەستەکانت چرای منن
کە دەگەنە ئەستێرە تاریکەکە
کۆتر لە دەممەوە دەفڕن
کە زمانت دەپەیڤێت
زمانەکانم
لە گۆ دەکەون
تێکڕای من تەڕی دەنووسێتەوە

بیر لە زمانی ئەم ئاخافتنە دەکەمەوە
تۆ یەک زمان و
من دوو
پەیڤینێکی دەنگدار
لەمدیوی دەرگەوە نییە

زمانەکان کپ دەدوێن
کۆترەکانم دەفڕن و
پەنجەکانم
ڕووناکییت کێش دەکەنە درزی تاریکییە گەرمەکەوە
دەنگدانەوەم دەرگە دەلەرزێنێت
کە لەودیوی دەرگەوە زەوییەک بوونی نییە خڕتر
لە بەرزییەکانم

دەستەکانتم خۆش دەوێن
کە دەمهێننە پەیڤین و
لەودیوی دەرگەوە
جگە لە دەنگدانەوەم دەنگی پیتێکم نابیسترێت

هێشتایش دەستت بە دەسکی دەرگەوەیە

زمانت بە دەنگ و هاژەم دەهێنێت
بە گەمەی زمانەکان
دەریایەک چێ بووە
من لە کەناری تۆ و
لووتت لەناو جلەکانم

جارێک و دوان و بێئەژمار
من دەڕژێم و
ڕووناکییت لە تاریکیمدا دەجریوێنێ
دلۆپ دلۆپ ڕووناکییت هەڵدەمژم
هێشتایش دەنگم دێت

# ترس لە ڕووناکی

بیر لە گۆڕینی هیچ ناکەمەوە
گشت شتێکم وەک خۆی دەوێت
ئەو بەردەیش
که سەری شکاندووم

بیرۆکەکانم لە کاسەی سەری تۆدا
غلۆر دەبنەوە
سەرم لەسەر بیرێک چەق نابەستێت
دەنگدانەوەی ئەم تۆپەی سەر شانەکانم
بیر لە بوونی نەبوونەکانم ناکەمەوە
ئایین و ئابڕووی من
وەک ئەو بەردەی سەرم دەشکێنێت
نە دەیگۆڕم نە دەمەوێ هەمبن
ئەستێرەیش نیم و
درەوشانەوەم دەکشێت
لە ڕووناکی دەترسم کەمتر لەو پیاوەی لە ڕووناکی دەدوێت
لەبەر تیشکی
تاریکی
درزی
نزماییەکانم

جەستەفەرامۆش

لە دێڕەکانمدا
جەستەم فەرامۆش بکە
لەسەر بەرزاییم دەستت دانێ و
گەراکانت
لەم زێیەدا

سەوڵ لێ بدە و لە مندا هەموو گڕێک بناسە
هەموو گوناحەکانم خۆش دەوێن
ئەم زەوییە نشێوە بە ئاگر دادەمرکێت
سەوڵ لێ بدە
گەرایەک بخە ئەم زێیەوە و
کارت بە نۆ جار هەڵکشان و بەرزتربوونەوەم
نەبێت
لەم نزماییەدا
بە دەستێک میلی کاتژمێرەکە دەگرم
خامۆشکردنی بەرزییەکانم با لە دەرەوەی کات بن
وەک بوونم
دوای هەڵزنانت بە مندا
دوای هەڵکشانم بە بەرزاییەکانی تۆدا
دەبێت شیعرێکی خراپ بنووسم و
بەڵام
هەستێکی باشم هەبێت

# کاڵبوونەوە و وڕێنە

دەبێت ئەمە کۆتاییەکی خراپ بێت بۆ سەرەتایەکی باش، کە من بیرم لە ڕۆیشتن دەکەمەوە، وێنەت دەکوتم لە دێڕێکدا، دەنگت لە گەرووما ناتوانێت بانگم بکات، گوریسەکە هەڵبواسە و ئینجا هەنگاو بنێ، من چی دەکەم لە دەمارە پچڕاوەکانی تۆدا؟

لە کەللەسەری تۆدا

من سەرتم و دەستێک غلۆری کردوومەتەوە
ئیدی هەڵواسینی ئەم گوریسەیش واتایەک نادات
کلیل لە هەموو دەرگەکاندا دەسووڕێنیت و دڵی من
ناکرێتەوە
تازە دەبێت خۆشت بوێم بە خاتری ئەو
دڵۆپە خوێنانەی
وردورد وەرینە بەر پێت
لە هەموو شەوەکانی دەستی تۆ لە بینمدا
نووسینی هەر شیعرێک
کاڵبوونەوەی ڕقێکمە بۆ تۆ
ئینجایش
خوێنتم خۆش دەوێت
لە دەمارەکانمدا

# له دۆزەخ گەرمتر

دەستت بەر هەر بەرزییەکم کەوت
کڕنۆش بە و باوەڕ بێنە
نە ئێرە زەوییە و نە شەویش شەوی هەڵە

دەستت بەر هەر نزمییەکم کەوت
دەستەکەی دیکەت بکوتە
ئاسان نییە بێ هیچ گوناحێک
گەرمیی دۆزەخ بڕژێتە خوێنتەوە
وەک تاسەم بۆت

# هەمیشەقەوان

لەبەر من نا
لەبەر ئەو ژنەی گوڵفرۆشەی
هەموو بەیانییەک
دوو گوڵ بە من و تۆ دەفرۆشێت
تا بتوانێت شیر بە پشیلەکەی بدا:

جارێکی دی
قەوانەکە
بخەوە سەرەتا

# سروودی ئاو

خەریکم ناوم دەنووسم
بەبێ ئەوەی کەس پرسیاری بکا
ئا
ناوی من واتا
ئەی پیاوانەی خۆشم ویستن
ڕۆژێک
دوو ڕۆژ
زیاتر

ئا
چەند درێژە ناوی من
بە کوێ دەگا
هەر جارێ ناوم بپرسن شوێنێکم بەر شوێنی
نازانم چ پیاوێ
لە چ شارێ
دەکەوێت
کە بە ئەڤین ناوم دەبات
و
ناویم بیر نییە و
بیرەوەریم دەستم ناگرێ
کە قۆپچەی کردەوە بۆنی دەریایەک کە شەپۆل نادا
زمانمی گرت و من نەمگوت نا
کە ناویم پرسی دەستی گرتم
پەردەی لا دا
پەردەی من کە دادی هیچی نادا
لەودیو پەردەوە خۆر دەهات و دەچوو
جەستەیش وشک لەمدیوی پەردەدا
تەنیا گوتم

ناوت بنووسە با درێژتر بێت
سەوزاییپیەکانی ناوی من
بگەم بەو جێیە پێم نامبات
ناوی پرسیم
گوتم من؟
ئا
بە تۆوە ناوم درێژترە لەو شەوەی پەردەت لا دا

ڕۆژ لە شانمەوە هەڵات
کە چوویت و دەنگتم بۆن کرد

لەودیوی دەرگەوە
ناوی درێژی من دەنووسی
لەسەر تۆزی پەنجەرەی ئوتۆمبیلی سەر ڕێگە
گوتت دنیا
بەشی ناوی تۆ ناکا
زولەیخایانە پێکەنیم
نە ئا
نە نا
بە زماندا نەهات

پەردەت لا دا و ئەودیوم دی
کە بێ پەردە رۆحم بە چی دەگا
پەردەت لا دا و ناوی من
بێسنوور ما

ساڵ تێپەری
تۆم بینی
ناوی منت دەگوتەوە و
پێت بەشی ناوێکم ناکا
ناوی من واتا
ئەو پیاوانەی خۆشم ویستن
خودا تۆ چەند ناوت هەبوو؟!
ئەو زەمینەی دروستت کردووە
بەشی ناوی تۆ
ئا
بەشی ناوی، من ناکا
کە پیاوێک بە دەم پشکنینی خۆری سووری درزی
پەردەوە
پرسیاری ناوم دەکات و

من دەمەوێ شتێک بڵێم
وەک ناوگوتن
جەستە پێدەکەنێ و
نا
نا
نا
دەمم پێ دادەخا
پیاوێک کە زمانم ناوەکەی دەزانێ